# لەشساغی

مامۆستا لە قوتابیەکانی پرسی:

- ئەوەی یاریدەی لەشساغیمان دەدات چیە؟

یەک لە قوتابیەکان گوتی:



- هەتاو.

یەکێکی تر گوتی:

- هەوای پاک و خاوێن.

قوتابیەکی تر گوتی:

- ئاو.

مامۆستا گوتی:

- ئەمانە هەموو ڕاستن، بەڵام گەلێک شتی تری باش هەن.

- ددان شۆردن و پاک و خاوێنی، زوو نووستن و زوو لە خەو هەستان، وەرزش، خۆ لە نەخۆشی پاراستن و هتد. ئەمانە هەموویان بۆ لەشساغی مرۆڤ گەلێک گرینگ و پێویستن.

---

*** پرسیار**

1- پرسیاری مامۆستاکە لە قوتابیەکان چی بوو؟

2- قوتابیەکان هەریەکە لە وەڵامدا چیان گوت؟


Copyright © Kurdi.fi

3- مامۆستاکە چی بۆ لەشساغی بە باش زانی؟

---

* وانەکە بخوێنەوە و ئەم بۆشایانەی خوارەوە پڕ بکەوە:

مامۆستا پرسی: ..............................................................................

قوتابیەک گوتی: ........................... قوتابیەکی تر وتی: ........................... .

........................... کامەتان زیرەکن شتێکی تریشم بۆ بڵێن؟

قوتابیەکی تر وتی: ........................... . مامۆستا گوتی: ئەمانە هەمووی ڕاستن، بەڵام

........................... تریش هەن، وەک ........................................................ .

---

* هەر کام لەم وشانەی خوارەوە لە ڕستەیەک دا بەکار بهێنە:

مامۆستا ..............................................................................

قوتابی ..............................................................................

هاوڕێ ..............................................................................

گرینگ ..............................................................................

هەتاو ..............................................................................

ئاو ..............................................................................

یاریدە ..............................................................................

پێویست ..............................................................................

پاراستن ..............................................................................


Copyright © Kurdi.fi